# ڕێگیری له بەردم شكاندنی ئابڵقەی سەر خەڵك و پەلاماردانی ڕۆژنامەنووسان مەحكەمە

له چوارچێوەی ئەو بەرتەسك كردنەوه و ڕێگریانەی بۆ ئازادی و ئازادی ڕادەربڕین و ڕاگەیاندن و هەڵسوڕانی سیاسی ....هتد كه دەسەڵاتدارانی كوردستان بڕیاریان لەسەرداوه و بەكردەوەش دەمێك ساڵه خەریكی بەرەو پێشبردنین ، وه ئێستا لەهەوڵی به یاسایكردنەوەیدان ، كه پێشتر به هۆی كێشمەكێشمیان لەسەر بەشكردنی داهات و پاروی دەمی خەڵكی كوردستان له دەورەی" پەڕلەمانی یەكەمدا "نەیان توانی بەیاسای بكەنەوه ، بەڵام كەمتەرخەمیان تێدا نەكردوه . وەك له دواین هەوڵیاندا كه ویستیان و دەیانەوێت كۆنەپەرست ترین یاسا بۆ كاری ڕۆژنامەنووسی و ئازادی ڕادەربڕین خۆپیشاندان و مانگرتن بسەپێنن . ئێستا لەژێرداوای حكومەته كۆنەپەرستەكانی ناوچەكەدا بەشێكی ئەوكەسانەی ڕۆژانێك به نەغمەیەكی لیخن داوایان لێدەكردن دەنگ به دەسەڵاتی ئەمانبدەن تا فردەوسیان بۆ دروست بكەن ،ئێستا نەك هەر فیردەوسیا بۆ دروست نەكردوون بەڵكه هاتون دایان بڕیون و ئابڵوقەیان خستونەته سەر و كردویاننەته بارمتەی پاراستنی پەیوەندیەكانیی خۆیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانه ، ئابڵوقەی سەر قەندیل بەڕێكەوتن لەگەڵ دەوڵەتی میلیتاری و كۆنەپەرستی توركیا و حكومەتی عێراقی و چاو نوقان و (ئۆكەی ) ئەمریكادا بەڕێوه دەچێت ، به پێچەوانەی ئەوەی كەدەبێت دەسەلات پارێزەری سەر و ماڵی خەڵكی بێت و ئازادیان بۆ دابین بكات ، دەسەڵاتدارانی كوردستان خەڵكیان كردۆته بەشێك له شەڕێكی نەخوازراو كه نەك هەر هیچ نزیكایەتی و خواستێی ئەوانی لەگەڵدانیه بەڵكه نەفرەتی ئەمان گوێی دنیا و حكومەتەكانی ناوچەكەی به هەرێمیشەوه كەڕكردوه . دەسەڵاتدارانی كوردستان دەیانەوێت ئەم دەنگی نەفرەته كپ و خامۆش كەن ، ئێستاش كه ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنوسانێك دەیانەوێت ماڵوێرانی و دەنگی نەفرەتی خەڵكی بەشمەینەتی ئەم ناوچەیه بگوێزنەوه بۆ بەرگوێو چاوری خەڵكی كوردستان و دونیا دەكەونه بەر هێرشی شەق و داركاری و لێدانی هێزەكانی ئاسایش ، بۆیه ئێمه پێمان وایه ئەم كارەی دەسەڵاتدارانی كوردستان بەعەمەلیكردنەوەی ئەو یاسایەیه كه پەڕلەمانی كوردستان زۆربەی زۆری ئەندامەكانی دەستی بەڵێیان بۆ هەڵبڕی . وتیان بەڵێ بۆ بەرگرتن به ئازادی ڕۆژنامەنووسی و ڕادەربڕین كه بەشێكه له ستراتیجی سیاسی ئەوان . ئێمه وێڕای مەحكوم كردنی هێرش بۆسەر ڕۆژنامەنووسان و لێدانیان لەلایەن ئاسایشەوه خوازیاری دەست بەجێ هەڵوەشانەوەی ئەو ئاوبڵوقەیەین له سەرخەڵكی بناری قەندیل وه دەبێت دەسلاّتدارانی كوردستان تەعویزی خەڵكی ئەو ناوچەیه بكەنەوه ، وه ڕودانی هەر ڕوداوێك بەسەرخەڵكی ئەوناوچەیەدا لەئەستۆی ئەحزابی دەسەلاّتداری كوردستاندایە.

دەستەی بەرگری له ئازادی ڕادەربڕین

2008/2/7